# تێڕامانێك لە بزووتنەوەی كۆمۆنیستی و گرفتەكانی

## بەشی پێنجەم

**بژار**

bizharpoet@yahoo.com

ئەوە دروستە كە چینی كرێكار پێویستی بە حزبی چینایەتییانەی خۆی هەیە , بەڵام ئەوە نادروستە كە پارچەكانی ئەم حزبە لە چینێكی ترەوە هاوردە ( ئیستیراد ) بكرێت و لە ناو چینی كرێكاردا بلكێنرێتەوە بە یەكەوە و بسەپێنرێت بە سەریاندا . ئەوە دروستە كە چینی كرێكار لەگەڵ ئۆرگانەكانی تریشدا دەبێت ئۆرگانی سەرەوەشی هەبێت , بەڵام ئەوە نادروستە كە ئەم ئۆرگانە ببێت بە ئامرازی سەركوت لە ناو حزبدا ( جیاوازی لەوەدا نییە كە ئۆرگانێك بێت یان زیاتر ) . ئەوە دروستە كە حزب دەبێت مەركەزیەتی تیا بێت , بەڵام ئەوە نادروستە كە ئەم مەركەزیەتە دەبێت لە سەرەوە بێت و لە خوارەوە نەبێت . ئەوە دروستە كە حزب دەبێت دیسپلینی تیا بێت , بەڵام ئەوە نادروستە كە ئەم دیسپلینە بكرێتە زنجیر و بئاڵێنرێتە دەست و قاچی ئەندامان . ئەوە دروستە كە حزب دەبێت دابەش بوونی كاری تیا بێت , بەڵام ئەوە نادروستە كە لە سەر بناغەی زنجیرە مەراتیب بێت . ئەوە دروستە كە حزب دەبێت ڕابەرانی سۆشیالیستی كۆ بكاتەوە , بەڵام ئەوە نادروستە كە تەنیا كۆكردنەوەی هەرچی زیاتری ئەم ڕابەرانە كاری سەرەتا و كۆتایی حزب بێت لە ناو چینی كرێكاردا .

ڕێگای ڕزگار بوونی چینی كرێكار لەم جۆرە حزبانە , یان گۆڕینیانە , یان دروست كردنی حزبی چینایەتی بەربڵاوی كرێكارانە , وە یان هەردووكیان پێكەوە . دەكرێت , لە كاتی دروست بوونی حزبی خەباتگێڕانەی كۆمۆنیستی چینی كرێكاردا , لە سەر بناغەی مەركەزیەتی خوارەوە و ڕابەرایەتی بە كۆمەڵ , حزبەكانی تری بزووتنەوەی كۆمۆنیستی بچنە پرۆسەیەكەوە كە ئەنجامەكەی بەوە بگات , لە ڕێگای فشاری شۆڕشگێڕانەی ئەندامانەوە ڕابەرایەتی دابگرن و مەركەزیەت لە خوارەوە پیادە بكەن بۆ سەرەوە . لە ڕاستیدا مەسەلەی ئەم حزبە نوێیەی چینی كرێكار و سیستمی كار كردن تیایدا , مەسەلەی پیادە كردنی دەسەڵاتی شوورایی نییە بە مانا دیمۆكراسییە بۆرژواكەی . چونكە دەسەڵاتی شوورایی گونجاوە بۆ بەدی هاتنی ئامانجە بۆرژوا دیمۆكراسییەكان , بەڵام لە حزبدا ئامانجەكان سۆشیالیستین . وە لە شوورادا دیسانەوە دەسەڵات لە سەرەوەیە بۆ خوارەوە , بەڵام لەم حزبە تازەیەی چینی كرێكاردا لە خوارەوە دەبێت بۆ سەرەوە . وە شۆڕشی ئەندامان كە من بانگەوازی بۆ دەكەم . دوو سیمای جیاواز لە یەكترییان لەگەڵ شۆڕشی ڕۆشنبیریدا هەیە . چونكە شۆڕشی ڕۆشنبیری لە چوارچێوەی ڕیفۆرم و مەسەلە دیمۆكراسییاكان تێپەڕ ناكات , بەڵام ئەم شۆڕشی ئەندامانە , سەرلەبەری حزب هەڵدەگێڕێتەوە و بە شێوەیەكی گونجاو بە خەباتی چینی كرێكار بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم دای دەڕێژێتەوە . خاڵی جەوهەری لە دەست پێكردن و كۆتایی هێنانا لە شۆڕشی ئەندامانا , ڕابەرایەتییە . دەسەڵات لە دەستی ڕابەرایەتی بە تەواوی دەرنەهێنرێت یانی شۆڕش بە ئەنجام نەگەیشتووە , حزبەكە هەڵنەوەشاوەتەوە . مەركەزیەت لە خوارەوە جێگیر نەبێت , یانی حزبی چینی كرێكار دانەمەزراوە . ڕابەرایەتی بە كۆمەڵ بەم شێوەیە لەم حزبانەی بزووتنەوەی كۆنیستیدا دەتوانێت جێگا بە ڕابەرایەتی تاكرەوی چۆڵ بكات و لە شوێنیدا دابمەزرێت . ڕابەرایەتی لەم حزبانەی ئێستادا بواریان زۆر لە ئەندامان تەنیوە . یەكێك لەوانە خۆ چەكدار كردنی ئەندامانە بە ماركسیزم . یانی بە ئەنقەست و ووریایانە , بە پێی نەخشەیەكی داڕێژراوی ڕانەگەیەنراو , بە هاتنەوە لەگەڵ مەرامە سیاسی و چینایەتییە جیاوازەكانی ڕابەرایەتی , بۆ پاراستن و لە دەست دەرنەچوونی ئەم پلەوپایە و كەسایەتییەی ئێستایان , بۆ چنگ گیر بوون لە ناسین و دەركەوتنیان لە سەر ئاستی كۆمەڵگا , جەخت كردنیان لە سەر سەركوێر بوونی ئەندامان بووە بە بەرنامەیەكی داڕێژراو بۆیان . لایەنێكی تریان دیسپلینی حزبییە . توند كردنەوەی دیسپلین پێش هەموو شتێك بۆ مانەوەی ڕابەرایەتییە . نە كارێكی بە سەر چینی كرێكار و شۆڕشی

سۆشیالیزمەوە هەیە و نە کارێکیشی بە سەر ئەرکی ئەندامیەتییەوە هەیە . دیسپلین بەم شێوەیەی ئێستای بۆ ڕابەرایەتییەکان پڕ کەڵکە . چونکە ئەرکە چینایەتییەکان بە ڕادەیەکی زۆر و بە کردەوە لە بیر ئەندامان دەباتەوە , سنوور بۆ ئازادییەکان دادەنێت , دەسەڵاتی هەموو حزب لە دەستی ڕابەرایەتیدا کۆ دەکاتەوە , نزیك بوونەوەی ئەندامان لە کاری تیئۆری دەباتە دواوە , حزبایەتییان لا دەکات بە ئامانج . یەکێك لەو بوارانەی تر کە لە ئەندامانیان تەنیوە , دوور خستنەوەیانە لە کێشمەکێشی ئەسڵی ناو کۆمەڵگا کە لە نێوان کرێکاران و بۆرژوادایە . دوور خستنەوەی ئەندامان لە بنچینەی کارەکەیان کە خەباتی چینایەتی کرێکارانە لەگەڵ بۆرژوادا , وە خەریك کردنیان بەو لقانەوە ( وەکو منداڵان و لاوان و بێکاران و ژنان و قوتابیان و هتد ) کە پەیوەست دەبێتەوە بەو بنچینەیەوە ( ململانێی کرێکاران و بۆرژوا ) , بە لاڕێدا بردنی ئەندامان و چەواشە کردن و هێشتنەوەیانە لە نەزانیندا, بۆ ئەوەی لە دەوری ڕابەرایەتی و لە ژێر چەپۆکی ئەودا بمێننەوە ( لەگەڵ ئەوەدا کە دەبێت خەباتێکی لێبڕاوانە بە دژی چەوساندنەوەی منداڵان و ژنان بکرێت لە کۆمەڵگادا , بەڵام دەبێت هەموو دەم ئەو خەباتە بەسترابێتەوە بە خەباتی ئەسڵیی کرێکارانەوە لەگەڵ بۆرژوادا , وە بۆ دروست بوونی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی بێکاران و لاوان و قوتابیان و هتدیش هەر هەمان بەستنەوەیان بە خەباتی چینایەتی کرێکارانەوە دەبێت دووبارە ببێتەوە ) . یەکێکی تر لەو بوارانە ڕەخنە گرتنە . ڕەخنەگر دەنگی ناگات بە سەرەوە , ئەگەر بیشگات وەڵام وەر ناگرێتەوە , ئەگەر وەریشی بگرێتەوە تەنیا دڵنەوایی یە و دەبێت پێشی ڕازی بێت , ئەگەر ڕازی نەبێت ئەوا شێوازی هەڕەشە کردنی دۆستانەیان زۆرە . بوار تەنینێکی تر لە ئەندامان ئەوەیە , کە ڕابەرایەتییەکان هەوڵ دەدەن کەسانی سەر بە خۆیان لە هەر شانە و ئۆرگانێکدا دروست بکەن و بیانکەن بە لێپرساو ( باشترین نموومە —حککع—ە ) . بوار تەنینێکی تر , ئیهمال کردنی کەسانی ناکۆك بە میتۆدی کاری حزبییانەی ڕابەرایەتی , شێوازێکی باوە . بوار تەنینێکی تر , قەدەغە بوونی هەر جۆرە کۆ کردنەوەیەکی ئەندامانە بە دەوری ناڕەزایەتییەکانی هەر ئەندامێك یان کادرێکدا .

بۆ لاچوونی ئەو بارودۆخە بە سەر ئەندامانەوە , بۆ لاچوونی ئەو دابڕانەی کەوتووەتە نێوان چینی کرێکار و حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستییەوە , بۆ لاچوونی ئەو دابڕانەی کەوتووەتە نێوان ئەندامانی حزبەکان و ڕابەرایەتییەکانیانەوە , بۆ لاچوونی ئەم پاشە کشەیەی کە بۆرژوا سەپاندوویەتی بە سەر چینی کرێکاردا , بۆ یەك پارچە بوونی ڕیزی کۆمۆنیستەکان , بۆ دروست بوونەوەی ئینتەرناسیۆنال , بۆ پاشەکشە پێکردنی بۆرژوا ,, بڵاوبوونەوەی دامەزراندنی حزبی بەرینی کۆمۆنیستی چینی کرێکار , شۆڕشی ئەندامان لە ناو حزبەکانی ئەمڕۆی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا , پیادە کردنی مەرکەزیەتی خوارەوە بۆ سەرەوە , ڕابەرایەتی کردنی بە کۆمەڵ , چوون یەك بوونی ئەندامان لە خواری خوارەوە بۆ سەری سەرەوە بە بێ جیاوازی لە ئازادی و ماف و دەسەڵاتدا , چینایەتی پێ کردنی حزب لە جیاتی حزبایەتی پێ کردنی چین , کۆنترۆڵ کردنی حزب لە لایەن دەسەڵاتی چینایەتییانەی چینی کرێکارەوە ( بە ئامراز کردنی چینایەتییانەی حزب ) ,, پێویستییەکی هەنووکەیی و ئەرکێکی بێ ئەملا و ئەولای چینایەتییانەی کۆمۆنیستەکان و ئەندامانی حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستییە .

ساڵانێکی زۆرە حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی گیریان بە دەست ڕۆشنبیرانی چەپەوە خواردووە . تاکو ئێستا درك ( پێزانینی تەواو ) بەوە نەکراوە , یان هەوڵی پەیگیر بۆ تیئۆریزە کردن و ئاگادار کردنەوەی ئەندامان و چینی کرێکار لەو بارەیەوە نەدراوە , کە ئەو ڕۆشنبیرانە بە دەوری هەنگوینێکدا کۆ دەبنەوە کە زنجیرە مەراتیب لە ناو حزبدا دەیانداتێ . ئەوە لە بار بوونی زەمینەیەکە لە ناو حزبدا کە لەگەڵ هەوڵەکان و ئامانجەکانی ئەواندا دێتەوە . ڕێگا تەخت بوونە لە ناو حزبدا بۆ چوونە پێشەوەیان . تا ئەم بارودۆخە لە ناو حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا بە قازانجی ئەوان بگەڕێت , خۆ حەشاردان لە ڕابەرایەتیدا کارێکی قورس نییە . لە ڕاستیدا ئەوە ئەوان نین ( ڕۆشنبیران ) کە خۆیان حەشار ئەدەن , بەڵکو خودی پێکهاتەی حزبەکە و زنجیرە مەراتیب و دیسپلینی پۆڵایین و مەرکەزیەتی سەرەووەیە کە حەشاریان دەدات . بە تێکشکانی ئەمانە حزب لە چەپی ڕۆشنبیر ڕزگاری دەبێت . تاکو دەسەڵات لە دەستی ڕابەرایەتیدا بێت , چەپی ڕۆشنبیر واز لەم حزبانە ناهێنێت و هیچ

گەرەنتییەکیش بۆ پاراستنی حزب لەوان , نییە . ئەگەر ڕابەرایەتی بە کۆمەڵ لە حزبەکانی ئەمڕۆدا جێگیر ببوایە , زۆربەی ڕابەرەکان وازیان دەهێنا , چونکە ئەوان ڕابەرایەتی بە مەرجی دەسەڵات , بە مەرجی خۆسەپاندن , بە مەرجی دەست گیر بوون لە پلەوپایە و ناوبانگی کۆمەڵایەتی دەکەن .

ڕابەرایەتی بە کۆمەڵ لە بناغەدا , ڕابەرایەتی کردنی حزبە لە لایەن ئەندامانەوە بە بێ جیاوازی . چوون یەکی پلەوپایە و دەسەڵاتە بۆ هەموو ئەندامان , کە لەو حاڵەتەدا و بە دیوەکەی تریدا واتای نەبوونی پلەوپایە و دەسەڵات دەگەیەنێت . دروست بوونی ئۆرگانەکان بە هەموو شێوەکانیەوە , تەنیا بە مانای دابەش بوونی کار دێت . لە ڕابەرایەتی بە کۆمەڵدا مەرکەزیەت هەمیشە لە خوارەوەیە . هەموو کەسێك ئازادە لە هەر کارێکی حزبی کە دەیەوێت بیکات , لە هەر ئۆرگانێك کە دەیەوێت ئەندام بێت تیایدا , لە هەر ڕێگایەك کە بە دروستی دەزانێت بۆ خزمەتی حزب بیگرێتە بەر . حزب لێرەدا تەنیا چوارچێوەیەکە بۆ کاری چینایەتی . زەمینەیەك لە ئارادا نییە کە بەرژەوەندی تایبەتی بۆ کەسەکان دروست بکات . لەم هەلومەرجەدا , خۆبەخۆ , ڕێکخراو بوونی حزبی بە هەنگاوی گەورە دەچێتە پێشەوە . باسەکان و لێکۆڵینەوەکان ڕۆژانە زۆر دەبن و چڕوپڕ دەبن . هۆشیارییەکان هەمەلایەنە و سەرتاپاگر دەبن . وەرزی بووژانەوەی تیئۆریك بە پەیوەند بە پراکتیسەوە دەست پێدەکاتەوە . لێپرسراوێتی دەبێت بە کارێکی بە کۆمەڵ . سیمای چین و حزب لە یەکتریدا دەبینرێتەوە . گیانی کۆمۆناریەتی جێگای دیسپلینی پۆلایین دەگرێتەوە . حزب و ئەندام دەبن بە خاوەنی یەکتری . گرفتەکانی ئەمڕۆ بێ جێگا دەمێننەوە . نهێنییەکان , کارە ژێر بە ژێرەکان , پەردە پۆش کردنەکان ,, ماڵ ئاوایی لە حزب دەکەن . بە ئاشکرا و بۆ هەموان , کار دەکرێت , خەبات دەکرێت , ڕەخنە دەگیرێت , نەخشە دەکێشرێت , پلان دادەنرێت . یەکگرتن , خۆش ویستن , سەرکەوتن ,, هەمیشە لە زیاد بووندا دەبن . وتووێژی چینایەتییانە , جێگای سات و سەودای حزبییانەی ئەمڕۆ دەگرێتەوە . ڕوو بە ڕوو بوونەوەی چینایەتییانە , جێگای بڕیار دانی حزبییانەی ئەمڕۆ دەگرێتەوە . دایلەکتیك وەکو زانستی پەیوەندییەکان و یەکخستنەکان و چوونە پێشەوەکان و سەرکەوتنەکان , دەهێنرێتەوە مەیدانی پراکتیس . ئاسۆ ڕۆشن دەبێت . هیوا بە داهاتوو پتەو دەبێت . گیانی یارمەتی و هاوڕێیەتی و مرۆڤ دۆستی , بەهێز دەبێت . خەباتی جیهانیانەی چینی کرێکار , مێژوویەکی تری پڕ دەسکەوت , جارێکی تر تۆمار دەکات .

لە حزبی بەرینی چینایەتییانەی چینی کرێکاردا هەموو کەسێك مافی کۆکردنەوەی ئەندامانی هەیە بە دەوری پێشنیار و ڕەخنە و باسوخواسیدا . کەس ناتوانێت بە پیلان گێڕ و ئاژاوە چی و دژە حزبیی , کەسایەتی هیچ کەسێك لەکەدار بکات . لە هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەیەکی حزبیدا , ڕێگا لە بڵاو بوونەوەی نووسینی هیچ ئەندامێك ناگیرێت بە بیانووی فکر و سیاسەت و میتۆد و لاوازی نووسین و لێدانی ئۆرگان ( هەر ئۆرگانێك بێت ) و حزب . لەو ئەتمۆسفیرە حزبییەدا , تەقینەوەی ووزەی شاراوەی ئەندامان و کادران و ڕابەران دەبێت بە حاڵەتێکی سروشتیی . ئەرکە نێونەتەوەییەکان بە جۆرێك جێبەجێ دەکرێت و باوەشی بۆ دەگیرێتەوە کە مایەی خۆشحاڵی هەموو لایەك دەبێت . کۆ کردنەوەی ڕابەرانی سۆشیالیستی ناو چینی کرێکار بە بەراوورد بە ئەمڕۆ کارێکی قورس و گرفتاوی نابێت . ئاخر ئەمڕۆ لە حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا کە ڕابەرانی سۆشیالیست پەیوەندی پەیدا دەکەن لەگەڵیاندا و بە تایبەتی کە پێناسەی ئەندامیەتی وەر دەگرن , ئیتر تووشی مەلەل و لە قاڵبدان و دابڕان دەبن . یانی لە جیاتی بردنە پێشەوەی بزووتنەوەی خەبات گێڕانەی چینی کرێکار , دەبن بە نێچیری دابونەریتی حزبیی و ئامڕازی ناساندن و کۆمەڵایەتی کردنەوەی ڕوخساری ڕابەرە حزبییەکانیان .

**درێژەی هەیە**

2005-05-04